

# قوڵەچوارشەممە

دوایین چوارشەممەی ساڵ "قوڵەچوارشەممە"ی پێدەگوترێ. لە هێندێک ناوچە دا "چوارشەممە ڕەشە"شی پێدەگوترێ، چونکە لە ژێر تەئسیری فەرهەنگی عەرەباندا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی شووم داندراوە. ئەو ڕۆژە لە ئێراندا بە "چوارشەممە سووری" ناسراوە. ئێوارەی سێ شەممە خەڵک ئاگر دەکەنەوە و بە سەریدا باز دەدەن. لە ئێرانی کۆندا جێژنێک هەبووە بە ناوی "جێژنی سووری". "سوور" دە زمانی کوردی و پەهلەویدا بە مانای ڕەنگی سوورە؛ هەروەها بە مانای "جێژن و شایی" شە.

بە پێی باوەڕە کۆنەکان خەڵک لەو ڕۆژەدا بۆ میوانداریی لە فرەوەرەکان، کە جمکی دەروونپاکی ئادەمیزادەکان بوون، ماڵەکانیان ڕازاندۆتەوە و ئاگریان کردۆتەوە.

ئاگرکردنەوە بە مانای گەیشتن بە ڕووناکایی دڵ و ڕووح بووە؛ نیشانەیەکیش بووە بۆ هەبوونی یەزدان. هێندێک توێژەر پێیانوایە ئەو دابە دوای زاڵبوونی ئیسلام بۆتە باو و پێوەندیی بە سەردەمی پێش ئیسلامەوە نییە. عەرەبەکان "چوارشەممە"یان بە ڕۆژێکی شووم زانیوە و بە بەڕێوەبردنی جێژن و هەڵپەڕکێ ویستوویانە ئەو شوومییە بتارێنن.

Copyright © Kurdi.fi

ئاگرکردنەوە لە کوچە و کۆڵانان دە نێو زەردەشتییەکاندا باو نییە و ئەوان بە سەر ئاگریشدا باز نادەن، چونکە پێیان کارێکی ناحەزە. بۆ ئەوان ساڵ پێنج ڕۆژ لە 360 ڕۆژ زیاتر بووە (یان هەر چوار ساڵەی شەش ڕۆژ زیاتر بووە)، لەو پێنج ڕۆژە دا، بۆ بانگکردنی ڕووحی پێشینانیان، ئاگریان کردۆتەوە و کردوویانەتە جێژن. بەو پێیە، بە بڕوای زەردەشتییەکان، ئاگری قوڵەچوارشەممە (چوارشەممە سووری) بە دابی ئاگرکردنەوەی پێنج ڕۆژەی ئاخری ساڵەوە دەبەسترێتەوە، کە لە ئێرانی کۆندا باو بووە. دوای زاڵبوونی ئیسلام، بۆ ئەوەی ئەو دابە نەفەوتێ، شوومیی چوارشەممەیان کردۆتە بیانوو و جێژنەکەیان ئاوێتەی ئەو خوڕافاتەی عەرەبان کردووە و کردوویانەتە "چوارشەممە سووری".



Copyright © Kurdi.fi



# سیزدەبەدەر

لە ئێرانی کۆندا دوای دوازدە ڕۆژ جێژن و شادی، کە بە بۆنەی دوازدە مانگەی ساڵەوە بووە، سیزدەهەمین ڕۆژیان تەرخان کردووە بۆ سەیران و شادی لە دەرەوە و بەو شێوەیە کۆتاییان بە ماوەی نەورۆز هێناوە.

لە کتێبە مێژوویی و ئەدەبییەکانی سەدەکانی ڕابردوو دا، کە تایبەت بوون بە تۆمارکردنی ئەو داب و جێژنانەی بە بۆنەی نەورۆزەوە بەڕێوە چوون، هیچ ئاماژەیەک بە سیزدەبەدەر نەکراوە. لێرە دا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چۆنە لەو کتێبانە دا هیچ باسی "سیزدەبەدەر" و "حەوت سین" نەکراوە؟ ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو دابانە تازە داهاتوون، یان دابی کۆنن و لەبەر ئەوە کە تایبەت بە خەڵکی ئاسایی بوون سەرنجیان نەدراوەتێ و بە پێوانەی مێژوونووسانی ئەودەم شایانی تۆمارکردن نەبوون؟!



ویدەچێ لایەنی دووهەم ڕاست بێ، چونکە دابێکی کە دە نێو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵدا و لە هەموو شار و گوندێک باوە، ناکرێ تەمەنی لە دوو سێ بەرە زیاتر نەبێ. ئاشکرایە کە کتێبە ـ


Copyright © Kurdi.fi



مێژوویییەکان و شێعری شاعیران ڕەنگدەرەوەی ئەو ڕووداو و داب و جێژنانە بوون کە "شا" و کاربەدەستانی حکومەت تێیاندا بەشدار بوون؛ بەڵام سێزدەبەدەر دابێک بووە کە جێی پەسندی خەڵک بووە نەک شا. لەوانەشە بە شووم زانینی "سێزدە" هۆی باس نەکردنی بووبێ. بە شووم زانینی ژمارەی 13 و خۆ لێ پاراستنی، لە زۆربەی وڵاتان و لە لای زۆربەی نەتەوەکان، بڕوایەکی کۆنە.

ئەو بڕوا چەوتە بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵک دەو ڕۆژە دا لە ماڵێ وەدەر کەون، هەتا خۆیان و ماڵ و حاڵیان لە "شوومی" ببوێرن. لە ئایینی ئیسلامدا چونکە 13ی هەموو مانگێک بە "شووم" دادەندرێ، بە هەڵە سێزدەهەمین ڕۆژی جێژنی نەورۆزیش بە "شووم" داندراوە.

* تێبینی: ئەو تێکستە لە ویێلاگی هێدی وەرگیراوە.


Copyright © Kurdi.fi